## کۆڵکەزێڕینەی حەقیقی

لە دوو ئاڵقەی پێشووی ئەم وتارانەدا (185 و 218) باس لە مامۆستای شاعیر، عەبباسی حەقیقی، کراوە و لێرەشدا کتێبێکی دیکەی مامۆستا لە پەیوەندی بۆکاندا دەناسێنم.

کتێبەکە کۆمەڵەی شیعری مامۆستایە و دوو ناوی بۆ دانراوە : "کۆڵکە زێڕینە"ی کوردی و "رنگین کمان" ی فارسی، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە بەشی یەکەمی کتێبەکە شیعرێ کوردی (لاپەڕە 1 تا 111) و بەشی دووهەمی فارسین. بەشی فارسی بەدوای کوردییەکەدا هاتووە و ژمارەی لاپەڕەکانی لە یەکەوە دەست پێدەکاتەوە تا 51.

ئەم کتێبە دوای "دیوانی حەقیقی" (بەشی 218) و حەوت ساڵ دوای ئەو، لە لایەن ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیوبییەوە لە ورمێ بڵاو کراوەتەوە.

زوربەی زۆری لاپەڕە کوردییەکان چەشنە پەیوەندێکیان بە بۆکانەوە هەر هەیە، یا لە بۆکان گوتراون، یا روویان لە کەسایەتییەکی ناوچەی بۆکانە :
لاپەڕە 33 مامۆستا هەژار؛ 35 خاڵە مین؛ 41 سەید عەبدولقادری سەیادەت کوڕی حاجی بابەشێخ؛ 43 و 54 سەید کامیلی ئیمامی "ئاوات"؛ 46 سەید ئەنوری هاشمی زەمبیل؛ 47 بیرەوەرییەکانی خۆی لە ژیان لە ناوچەکەدا؛ 50 گوندی مەحموود ئاوا و گرکە دێمیە ناودارەکانی؛ 55، 57، 59، 60، و 80 ناسر، جەماڵ، کەژاڵ و سەعادەتی منداڵانی خۆی؛ 75 کۆکە؛ 81 سەید جەمیلی هاشمی زەمبیل؛ و 101 سەیفولقوزاتی قازی. شیعری لاپەڕە 75 تەخمیسی حەقیقی یە لەسەر شیعرێکی خاڵەمین، کە تێیدا خاڵەمین دەڵێ : "کۆکە! ئەی جێگە لە دایک بوونم..." حەقیقیش بەم شێوەیە باسی کۆکە دەکات: "کۆکە! ئەی ماکی شیعر دانانم..." و ناوی زۆر گوندی دەوروبەری کۆکەش دەبات.

بەشە فارسییەکەش شیعرێکی تێدایە کە لاسایی "کتک و مشک"ی عوبەیدی زاکانی کردۆتەوە و بەم شیعرە دەست پێدەکات: "بشنو از پیر شهر بوکانا ..." (ل 18)؛ هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا بە بۆکان و خەڵکەکەیدا هەڵگوتووە و داوای ئەوەی کردوە لە "بەخش" ەوە ببێت بە "شارستان":
"شهر بوکان، ای مهین کان هنر! ..." (ل 22). لاپەڕە 29 و 31 یش نامەیەکی شیعری مامۆستا "عەبدولرحمن ناسری" یە بۆ حەقیقی و وەڵامی ئەو بۆ ئەم.

عەبباس حەقیقی، "کۆڵکەزێڕینە، رنگین کمان"، ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیوبی، ورمێ، چاپی یەکەم، 1374[1995]، 101 + 51 لاپەڕە، کوردی و فارسی.